iGmena

# کوردی

فێرکردنو ئەو ئەزموونە جۆراوجۆرانەی تاکەکان پێیدا تێدەپەڕن ڕۆڵی سەرەکییان لە دروستبوونی هزرو مەعریفەدا هەیە



iGmena

## کوردی

# تاکەکان بەشداری لە دروستبوونی کۆمەڵگاکانیان دەکەن لەرێگەی کارلێکبوونو پەیوەندیکردنو ڕا گۆڕینەوە



# کوردی

لەبەر ئەوەی ئەنتەرنێت بووەتە ئامرازێکی کارا بۆ بونیادنانی کۆمەڵگا ئازادەکان
، حکومەتەکان کار دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردن و بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکان
لە فەزای ئەلکترۆنی



## کوردی

کۆنترۆڵکردنو دەستبەسەراگرتنی ئەنتەرنێتو تاکەکان دوو ڕووی یەك دراون



iGmena

# کوردی

ئەنتەرنێت رۆڵێکی زیندووی هەیە لە پشتگیری گەشەپێدانی بەردەوامو دیموکراسییەت

مافەکانت لەسەر ئەنتەرنێت بزانە

لەسەر بنەمای The Charter of Human Rights and Principles for the Internet

کوردی

کوردی

# 1 گشتگیری و یەکسانی

هەمووان بە ئازادی و یەکسانی لە ماف و کەرامەت لە دایکبوونە ، بۆیە پێویستە لە ژینگەی ئەنتەرنێتدا ئەو بنەمایە بەدی بێتو رێز بگیرێتو بپارێزرێت



کوردی

# 2 مافەکانو دادپەروەری کۆمەڵایەتی

ئەنتەرنێت بوار بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بانگەواز بۆ مافەکانی مرۆڤ و پاراستنو بەدیهێنانی دەرەخسێنێت . بۆیە ئەرکە هەمووان رێزی ئەوانی تر بگرین لەسەر تۆری ئەنتەرنێت



iGmena

کوردی

# 3 مافی بەکارهێنان

هەموو کەسێك بە یەکسانی مافی بەکارهێنانی تۆڕی ئەنتەرنێت بە شێوەیەکی پارێزراو و کراوە هەیە.



iGmena

کوردی

# 4 ئازادی ڕادەربڕینو گردبوونەوە

هەموو کەسێك بە ئازادی مافی داواکردنو وەرگرتنو دابەشکردنی زانیاری لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بە بێ چاودێریو دەستێوەردان هەیە ، هەمووان مافی گردبوونەوە لەرێگەو لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بە مەبەستی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ڕووناکبیری یان ... هتد هەیە



کوردی

# 5 تایبەتمەندێتی و پاراستنی زانیارییەکان

هەموو کەسێك مافی تایبەتمەندێتی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت هەیە ، نابێت بە هیچ ئامرازێك لە ئامرازەکان چاودێری بکرێت ، ئەم مافە مافی بەکارهێنانی بەکۆدکردن و مافی ئاشکرا نەکردنی کەسایەتی لەسەر تۆڕی نێت دەگرێتەوە . هەمووان مافی پاراستنی زانیارییەکانیان هەیە، ئەمەش کۆنترۆڵکردنی کۆکردنەوەی زانیارییە کەسییەکان و هەڵگرتن و چارەسەرکردن و مافی مامەڵەپێکردن و ئاشکرا کردنی دەگرێتەوە .



کوردی

# 6 ژیانو ئازادو سەلامەتی

پێویستە ڕێز لە مافی پاراستنی ژیانو ئازادیو سەڵامەتی بگیرێتو بپارێزرێتو کار لە پێناو بەدیهێنانی لەسەر تۆڕی نێت بکرێت . نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەر ئەم مافە یان بەکار بهێنرێت بۆ دەستدرێژیکردنە سەر مافی ئەوانی تر لەسەر ژینگەی تۆڕەکە



کوردی

# 7 جۆراوجۆرێتی

هاندانی جۆراوجۆرێتی رووناکبیریو زمانەوانی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ، هەروەها هاندانی داهێنان لەبواری تەکنیکیو سیاسەتەکان کە بوار بۆ فرەیی ئامرازەکانی گوزارشتکردن دەکاتەوە



# 8

# یەکسانی لەسەر تۆڕی نێت

هەموو کەسێك مافی گەیشتنی بە ناوەڕۆکی تۆڕی ئەنتەرنێتی جیهانی هەیە ، بە بێ جیاکاری و ئەولەویت پێدانو وردکردنەوەی زانیاری یان کۆنترۆڵکردن بۆ مەبەستی بازرگانی یان سیاسی یان هەر مەبەستێکی تر



iGmena

کوردی

# 9

## پێوەرەکانی ڕێکخستن

پێویستە پەیکەرەی ئەنتەرنێتو سیستەمی پەیوەندییەکانو دیزاینی بەڵگەنامەو زانیارییەکان پشت بە پێوەرەکانی کراوەیی ببەستێت و پشتگیری تەواو لە سیستەمە جیاوازەکان بکات ، بۆ ئەوی ببێتە مایەی بەدیهێنانی گشتگیریو ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەموان



کوردی

# 10 حوکمڕانی چاك

دەبێت مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەو بنەما یاساییو پێوانەییە بن کە لەسەر ڕۆشناییان تۆڕی ئەنتەرنێت کار بکات . دەبێت ئەمە بە ڕێگەیەکی شەفاف بکرێتو سیمای فرەیی لایەنەکان پێوە دیار بێتو ڕێز لە بنەماکانی شەفافیەتو بەشداری گشتگیرو لێپرسینەوە بگرێت



iGmena

کوردی

# ئەم هەنگاوانە بگرە بەر

بەشداری هەڵمەتەکە بکە

بەشداری بەڵگەنامەکە بکە لەسەر فەیسبوك

بەشداری بەڵگەنامەکە بکە لەسەر تویتەر

بۆ زانینی زانیاری زیاتر

راستییەکانو ژمارەکان